# پیلانێکی تری موحافزه کارانی کورد بۆ
# سەرکوتی بزوتنەوەی شۆرشگێڕانەی خەلکی کوردستان

ن : شۆرش محەمەدی

بەرەی یەکگرتویی کورد کە ماوەیەکە لە لایەن بەهای ئەدەبەوە قسەی لێدەکرێ چەند رۆژ لەمەوبەر بوونی خۆی راگەیاند و ئاغای ئەدەب لە یەکەمین دانیشتنی خەبەری بەرەی یکگرتوو دا چەند وتەیەکیان پێشکەش بە هەوالنیران کرد .
بەهادینی ئەدەب کە نوێنەری سنە لە مەجلیسی شەشەم دا بووە ، بەرەی یەکگرتوی کوردی پێک هێناوە و لە دانیشتنی خەبەری بۆ راگەیاندنی بوونی ئەو بەرەیە رای خۆی دەربریوەو دەلێت ((ئەم بەرەیە لە چوارچێوەی یاسای کوماری ئیسلامی ئیران دا بە شێوەیەکی رون و ئاشکرا وتەبا دا و بۆ وەدی هێنانی ویست و داخوازی کوردەکان چالاکی دەبێت و هیچ کات بە دوای جیاکردنەوە واتە "تەجزیە" وە نییە))."بەهادینی ئەدەب"
بە راستی لەو قسانەی ئاغای ئەدەب دا ئەوە وەدەر دەکەوێ کەیان هیچی لێ نازانی ، یان دەیهەوەی خەلک فریو بدات چونکە کامە عاقلی سالم ئەوە نازانی کە لە چوارچێوەی یاسای کۆماری ئیسلامی دا چۆن دەتوانرێ ویست و داخوازی کوردەکانی ئیران یان هەر نەتەوەیەکی تر لە ئیران بهێنرێتەدی. مەگەر ئەو یاسایە لە سەر کام بنەما دارێژراوە ، وادیارە ئاغای ئەدەب ناوەرۆکی ئەم یاسای نەخوێندۆتەوە، لە یاسایەک دا کە بنەرەتەی لە سەر بنەمای ویلایەتی فەقیهە وەک نوێنەری خودا دانراوە و ئەوە ویلایەتی فەقیهە کە بریاردەرە لە هەموو بوارە سیاسی ئابووری،فەرهەنگی و کۆمەلایەتیەکان دا ئیتر ویست و داخوازی خەلکی ئازادی خوازی کوردستان چۆن دێتە دی، ئاغای ئەدەب و هاوبیرەکانی کە لە چەند سال نوینەرایەتی خۆیان دا سەلماندیان کە چەندە کاردەکەن بۆ خەلک و لە خزمەت کام چینی کۆمەلایەتی دان، پێیان وایە کە ویست و داخوزی خەلکی کوردستان تەنیا کێشە فەرهەنگی یەکانە و بەس . هەلبەت لە شوینێکی تری قسەکانی دا باس لە بوژاندنەوەی ئابوریش دەکات، کە من دواتر دیمەوە سەری، بەلام ویست و داخوزی خەلکی کوردستان رەنگە دەرسەدێکشی مەسائیلی فەرهەنگی بوبێت بەلام هیچ کات گرینگترینی نەبووە، خەلکی کوردستان و بە تایبەت کرێکاران، ژنان، لاوان، خوێندکاران و خەلکی زەحمەتکێشی ئەو کۆمەلگایە، لە بنەرەت

دا دژ به ئەو حکومەتەن کە ئاغای ئەدەب ئامانجی سەرەکی دروست کردنی بەرەکەی، یارمەتی دانی حکومەت دەزانێ، ئەم خەلکە، ئازادیان دەوێ، یەکسانی یان دەوی، کارەیان دەوی، ئەمنیەتیان دەوی، ئەوان لە دەست زولم و زۆری و خەفەقانی کۆماری ئیسلامی وەزالە هاتوون و.... لە شوێنیکی تری قسەکانی دا بەهادینی ئەدەب ئاماژە بەوە دەکات و دەلێت (( لە نە بوونی ناوەندە مەدەنیەکان لە ناوچەیەک دا توندوتیژی قسەی یەکەم دەکات و ئەمانیش (بە قسەی خۆی ژومارەیەک چالاکی سیاسی و فەرهەنگی) هەولێان داوە تا پێشگیری بکەن لە دوپات بوونەوەی روداوەکانی رابردو و بۆ پێشگیری کردن لە رودانی کیشەکانی داهاتوش بەرەی یەکگرتوو پێک بێنن))."بەهادینی ئەدەب"

بەلام بە بروای من ناوەندەی مەدەنی هەبووە و رەنگە دور بوبێت لە خەلک هەلبەت لە جۆری ئەو ناوەندەی کە ئاغای ئەدەب قسەی لێوە دەکات لە کوردستان و لە ئیرانیش زۆر پێک هاتوون بەلام هیچ کامیان بە هۆی ئەوەی کە دروستکراوی کۆماری ئیسلامی بوون و ئامانجیان رون بوو کە تەنیا سەرکوت کردنی بزۆتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان بووە، نەیان توانیوەو ناشتوانن کە خەلک فریو بدەن و بەرەو لای خۆیانیان رابکێشین، مەسەلەیەکی تریش ئەوەیە کە هەموو کات ئەوە کۆماری ئیسلامی بووە کە توندو تیژی بە کار هێناوە نە خەلکی کوردستان.

ئەم چالاکە سیاسی یە دوبارە جە خت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە بەرەی یەکگرتویی کورد دەبێتە ریگری داسە پاندنی خەرج و مەخارجی قورس لە سەر دەسەلات و میللەت . ناو براو لێرەش دا دوپاتی دەکاتەوە کە ئامانجی ئەم بەرەیە ئەوەیە کە یارمەتی دەری دەسەلات بێت تا خە رج و مەخارجی زۆر نەبێت و بەم جۆرە دەلێت کە هەم خەرجی دەسەلات کەم دەکەینەوە ، هەم بەر بە نارەزایەتی خەلک دەگرین .

لە درێژەی قسەکانی دا بەهای ئەدەب باس لەوە دەکات کە "سەرەتا من دامەزراندنی بەرەی یەکگرتوم لە گەلٚ ئاغایان سالحی نیکبەخت و بایزیدی مردۆخی گەلالە کرد و کاتێک لە گەلٚ پێشوازی ئەوان بەرەورو بووم ، رەسمەن دامەزراندنی ئەومان راگەیاند " بۆ مەگەر ئەو دو کەسە سەلاحیەتیان هەیە لای خەلکی کورد ، کە ئاغای ئەدەب بەم جۆرە باسیان لێوە دەکات ، ئەم دو کەسە لە گیان فیدایانی کۆماری ئیسلامین و لە بەرەی راستی کۆماری ئیسلامیش دان و هەر ئەو سالحی نیکبەختە کە وەکیلی دادگوستەری یە توماری پشتیوانی لە هاشمی رەفسەنجانی لە هەلبژاردنەکانی ئەم دواییانەی سەروک کۆماری دا ئیمزا کرد، هاشمی رەفسەنجانیەک کە هەموومان دەزانین کە چەندەی جینایەت لە دژی خەلکی ئیران بە تایبەت خەلکی کوردستان کردوە،

ئاغای ئەدەب یەکیکی تر لە ئامانجەکانی پێک هاتنی ئەو بەریە ((ئاشنا کردنی کوردەکان لەگەل مافی شارۆمەندی و بەدوادا چونی ویست وداخوزی ئەوان بەشێوەیەکی موسالمەت ئامێز))."بەهادینی ئەدەب"

ناولێ دەبات، ئاغای ئەدەب لێرە دا خەلکی کوردی زۆر بەکەم گرتووە خەلکی کوردستانی ئیران بە پێی هەل ومەرجێک کە لە 27 سالی رابردوودا تێیدا بووە و بە هۆی هەبوونی حیزب و ریکخراو گەلێکی رادیکان و شورشگیر هیچ نەبێت مافە سەرەتایی یەکانی خۆی دەناسیت کە مافی شارومەندی بەشێکی ئەو مافانەیە، هەروەها ناوبراو باس لە بەدوا دا چوونی ویست و داخوازی خەلک دەکات بە شێوەیەکی موسالمەت ئامێز، من لێرە دا ئەو پرسیارە لە بەهادینی ئەدەب دەکەم کە مەگەر دەکرێ خەلکی کوردستان بە تایبەت کرێکاران، ژنان و لاوان و خەلکی زەحمەتکیشی ئەو کۆمەلگایە بە شێوەی موسالمەت ئامێز داوای ویست و داخوازی خۆیان لە کۆماری ئیسلامی بکەن و پێی بگەن بە پێچەوانەوە 27 سالە هەولْ دەدرێ بۆ چارە سەر کردنی کێشەی کورد، بەلام کۆماری ئیسلامی بێ وەلامیان دەهێلێتەوە.

ئاغای ئەدەب بەو قسانەی دەیهەوی مەشروعیەت بدات بە دەولەتی دلخوازی خۆی کە کۆماری ئیسلامی بێت، بەلام ئایا خەلکی کوردستان فریوێ ئەم پروپاگەندانە دەخۆن کە ئەمە یەکەم جاریش نییەپیلانی ئاوایان بۆ دا دەرێژری تا ئەم بزوتنە ئازادیخوازەی کوردستان بە لارێ دا بەرن.ناوبراو هەروەها لە درێژەی قسەکانی دا دەلێت کە(( وەدی هاتنی دێمۆکراسی و عیدالەت خوازی لە هەمووی بوارەکان دا ))."بەهادینی ئەدەب"

هەموومان ئەوە دەزانین کە قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی بۆنی دیموکراسیشی لێنایە، چ بگا لە چوارچێوەی ئەو قانونە دا دیموکراسی و عیدالەت خوازی وەدی بێت سەر لە نوی جەخت لە سەر ئەوە دەکەمەوە کە قانونی کۆماری ئیسلامی یەکەم لە خزمەت کەمینەیەک دایە ئەویش چینی سەرمایەداری ئیرانە .و خەلکی هەژار و زەحمەتکێش، ژنان ولاوان و تەنانەت چینی مام ناوە نجیش لە کەمترین مافەکانی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو یاسایە دا بی بەشن.

دوهەم ئەم یاسایە لە سەر بنەمای ئیسلامی دارێژراوە و لە سەرەوەی هەموان ویلایەتی فەقیە کە نوینەری خوایە بریاردەرە و ئەویش کە لە لایەن خەلکەوە کەهەلْ نابژێردرێ بەلام ئیختیاری دەست تێوەردانی هەمو مەسەلەکانی لە هەر بوارێک دا هەیە .

ئاغای ئەدەب لە درێژەی قسەکانی دا جەخت لە سەر ئەوە دەکا.

کە "پێک هێنەرانی سەرەکی بەرەی یەکگرتوی کورد وەک بەرەیەکی هەمەلایەنە، ئەو ریکخراوە ناحوکمیانەن کە ریگەی هەلسوورانیان پێ دراوە"، لێرە دا تەنیا ئەوە دەلیم

که له و هەل و مەرجەی که ئیستا ئیرانی تێدایه مەگەر دەبێت ئیزن نامه له دەولەتی کۆماری ئیسلامی وەربگری بەلام ناحوکمی "غەیری دەولەتی "بیت. هەلبەت پیشەی هەمووی دەولەتانی سەرمایەداری دونیا ئەوەیه که ئەگەر، ریکخراو ،حیزب و ..... له خزمەت بەرژەوندی ئەوان دا نەبێت ئیزن نا مەی پێنادەن وهەڵبەت هێندێ جار ئیزن نامەشیان پێ بدەن  به شێوەیەکی تر کونترۆڵ و زۆر جاریش سەرکوتیان دەکەن.
ئاغای ئەدەب له قسەکانی دا چەندین جارئەوە دوپات دەکاتەوە که ئامانجی بەرەکەی یارمەتی گەیاندن به دەسەلاته و هەلسورانەکەی له چوارچێوەی یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسلامیدا واوەتر ناچێت که پێشتر باسم کرد و لەوە  زیاتر باسی ناکەم،
له کۆتایی دا ئەوە دەلێم که ئاغای ئەدەب و هاوبیرکانی که لەشکری شکست خواردوی بەرەی ئیسلاحاتن له ئیران، دەیانهەوی به شێوازی جووراجۆر خۆش خزمەتی خۆیان به کۆماری ئیسلامی بسەلمێنن و هەر جاره و به جۆریک هاتونەته مەیدانەوە، بەلام خەڵکی شورشگێر و ئازادیخوازی کوردستان هیچ کات فریوی ئەو پروپاگەندە وپێلانانەی ئەوانیان نەخواردوە و فریویش ناخۆن.